# کێشە ئێستاییەکانی ئەنفال

**شیلان سابیرحسین.کفری**

قسە کردن لەسەر ئەنفال, تەنها لەوەدا کورت نابێتەوە کە گەیشتە نزیك یاد کردنەوەی زنجیرەیەك یادەوەری تاڵ وەبیر خەڵکی بهێنرێتەوە لەلایەن بەرپرسانەوە, کە جگە لەمەبەستی شەخسی خۆیان هیچ مەبەستێکی دیکەیان نیە, من تەحەدا دەکەم جگە لە تاکە بەرپرسێك کە خەڵکی گەرمیان و پاشماوەکانی ئەنفال باش دەزانن تەنها ئەوە دڵسۆزیان ئیدی ئەوانی دیکە تەنها بۆ پارۆ چەورەکەو کورسیەکە نەبێ هیچی دیکە نیە لە بەرنامەیان دا کاتێ کە باس ئەنفال دەکەن, پرسی ئەنفال نابێت لەوەدا کورت بکرێتەوە و چاوەڕوانی دادگایەکی کارتۆنی ببین و کێشە ئەنفال ببەستێتە تاکە کەسێك یاخود حزبێکەوە, بەڵکو جینۆسایدی ئەنفال پەیوەندی بەڕەگ و ڕیشەی کەلتوری شۆڤێنزمی عەرەبی ئیسلامیەوە هەیە کە لەدەرەوەی خۆی باوەڕی بە هیچ ڕەگەز و زمان و نەتەوە و ڕەنگێکی دیکەوە نیە, جا ئێمە پێویستە ئەو هێزە کە لەپشت وەبەرهێنانی ئەو کەلتورەوەیە بیناسین و پیناسەی بکەین و لایەنە شاراوەکانیشی ئاشکرا بکەین, ئەمەش خاڵی لاوازی ئێمەیە کە بەسەر زاکیرەماندا شکاوەتەوە و لاوازی کردووە, و نەمانتوانیوە ئەنفال وەکو شوناسی نەتەوەیەك بیناسێنین بە گەلانی دیکەی دونیا و دەوروبەرمان, و هەر کاتێ یادەکە هات کۆمەڵێك خەڵك دەهێنرێنە سەر شەقام و کارکتەرێکی گەندەڵی حیزبی دێت نەوەکو ناتوانێ دوو قسەی تەندروست لەخزمەتی ئەنفال دا بکات, بەڵکو خۆی دەکاتە قارەمان و یادەکە دەکاتە مەدح و سەنای جەنابی, کابرایەکی حیزبی نوسیبووی ئەوا یەکێتی نیشتمانی ئەمجارەش خزمەتی گەلی کوردی کرد, مژدە, مژدە....چی بووە ئەم هات و هاوارە؟؟ وەڵڵە عومەر فەتاحی مورتاح دەچێت بۆ بەغدا و شاهیدی دەدات لەسەر تاوانی ئەنفال, نەگبەتی کورد ئەمەیە کۆمەڵێك لە کەسی حیزبی بالاً کورت دیێن ئەم دروشمە بەسەرچوو و سواوەکان بەخەڵك دەفرۆشنەوە بەبێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە ئەو دروشم و بۆچوونانە لەبارودۆخی شەڕو پشێوی و دووبەرەکی دا هاتۆنەتە کایەوە ئێستا دەبێ کاڵیان بکەینەوە نەوەکو تۆخیان بکەینەوە,بەم ئاڕاستە کارکردنە دورمان دەخاتەوە لەوەی ڕەگ و ڕیشە ئەو هێزانە بناسین کە ئەنفال پرۆسەیەکی شەرعیە لەلایان, پێموایە ئەو خاڵە لاوازیە, ئەو پێناسە حیزبی و شەخسیانە بۆ ئەنفال وایکردووە هۆشیاریەکی ئەوتۆ, گوتارێکی جەماوەری گەورەی یەکگرتووی پاشماوەکانی ئەنفال, دروست نەبووە تا هەوڵ بدات سەرچاوەکانی پرۆژەی ئەنفال بدۆزرێتەوە, ڕاستە بەعس وەکو هێزیك هات و ئەو جینۆسایدەی کرد,قسەکردن لەدەرەوەی کەلتووری بەعس کە ئیستا زیندووە و حکومەت و کارکتەرە گەندەڵەکان کاری پێدەکەن, خولانەوەیەکی بێسوودە,چونکە نەهێڵراوە لەلایەن دەسەلاّتی کوردیەوە هۆشیاریەکی کوردی دروست ببێ بەردەوام بەعس و عەرەبی شۆڤێنی بە دوژمن بزانرێ, جولەکەکان هەتاوەکو ئێستاش دەگەڕێن بەدوای ئەو کەس و لایەنانەدا کە تاوانباربوونە لە کۆمەڵکوژیەکەی هۆڵۆکۆست دا, خۆش دەسەلاّتەکەی ئێمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ پەڕینەوەی نزار خەزرەجی تاوانبار, ڕۆژنامەنوسەکانمان شاهیدی بێتاوانی دەدەدن, حیزبەکانی دەسەلاّت دیوەخان گەرم دەکات بۆ تاوانبارە جاش و ئەنفالچیەکان, ئەمانە و دەیان مەهزەلەی دیکە کاری بەردەوامی دەسەلاّتە بەرامبەر بە پرسی ئەنفال و بەوشێوەیە خزمەتی کردووە, کەچی تەنها ئەوانەن کەباسمان کردن خەسارەتن بۆ ناسینی ئەم کێشەیە بەرهەمەکەی دەخۆن و قەڵەو دەبن و کوتلە و کوتلەکاری پێوە دەکەن, کابرایەك وەلاّمی نوسینێکی منی داوەتەوە, دەڵێت تۆ باوکت ئەنفال نەبووە, و بۆ مەبەستی کوتلە باسی ئەنفال دەکەی کەچی بۆتە حیکاتە خوانێك وەکو چۆن ئەو کوتلەبازانەی چیرۆکی کارە ناتەندروستەکانیان بۆ ئاغانیان دەبەن,کێ چی کوشت و فلاّن فیساری کوشت و سمایل ئاغا پیاویکی باشە و ئەوی دیکە خراپە, ئەمانە بۆچونگەلێکی میکرۆبیی تەکەتولبازین هەموو کێشەکان بچوك دەکەنەوە, نەوەکو هەر کێشەی ئەنفال, مەبەستی من لەم نوسینە قسەکردنە لەو کێشە هەنووکانەی کە پاشماوەکانی ئەنفال دەست و پەنجەی لەگەڵ دا نەرم دەکەن و بەهۆی دروست بوونی ئەو باروخەی سەرەوە کە هیچ خزمەتێکی بەحەقیقەتی کێشەی ئەنفال نەکردووە, لەئەنجامیشدا ئەو کێشە کۆمەلاّیەتیانەی

که بەوهۆیانەوە دروست بوونە هیچ کاتێ چارەسەر نەبوونە, زۆرێك لە کوڕان و کچانی باوك ئەنفال هەتاوەکو دوای پرۆسەی هاوسەرگیری باجی ئەو منەت بۆڵە دەدەن کە لەلایەن کەسێکەوە نانێکیان پێ درابێت, ئەمە ئەزمەیە, سایکۆلۆژیەتی تاکەکان دەڕوخێنێ, ئەگەر بەبەرنامەوە هەنگاوی چارەسەرکردن بنرایە ئێستا ئەو هەموو کێشانە کەڵەکەی نەدەکرد و نەوەی ئەنفالیش, نەوەیەکی تەندروستی چالاك دەبوون, بەلاّم نەوەیەك مێشکی خەریك بکرێ ئەگەر بەرپرسێك کارێکی بۆ بکات بە پیاوەتی دەزانێ, نەوەیەك تەنها بیری لەلای دانەوەی ئەو پیاوەتیانە بێت کە لەڕۆژگاری تەنگانەدا بۆی کراوە و ئێستا دەکرێتە تەپڵ, نەوەیەك کێشەی نیشتەجێ بوون و دونیایەك ئەزمەی دیکەی هەبێت, دەبێت چۆن بەرەنگاری شۆکی ئەنفال ببێتەوە لە کاتێکدا دەسەلأت زۆرتری لەتوانادا هەبووە, بۆ ئەوەی نەوەی پاشماوەی ئەنفال لە هەموو تەنگەژەیەك دەربکات, لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانەی کە دەبنە نوێنەری ئەنفال و زۆرجار لەموناسەبەت و موناقەشە کردندا لەگەڵ لایەنێکی خێرخوازی دا هیچ کات ئەوانەش نوێنەری ڕاستەقینەی ئەنفال نین, ئەوانە تەنها مەبەستیانە سمێڵیان چەور ببێ, ئێستا بەرنامەی دروست بوونی سەنتەرێکی توێژینەوە لەگەرمیاندا هەیە کەچی وابەنیازن, گەندەڵترین مرۆڤی گەرمیان سەرۆکی شارەوانی کەلار بکرێتە بەرپرسی, ئیدی نازانم چاوەڕوانی چی لەم دەسەلأتە بکەین سەرلەبەر کاری بۆتە کوتلەبازی, ئەگەر کوتلە نەبێت سەلام عەلی شایشتەی ئەوەیە ببێتە بەرپرسیی سەنتەرێك, کە کەسێکی زۆر ئەکادیمی و بەویژدانی دەوێ, بۆشایی زۆرە کەپڕنەکراوەتەوە و پرۆسەی ئەنفالی بەردەوامیێتی پێداوە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکرێ, درێژەدان بەهەندێ کار و بەلێشاو پارەخەرجکردن تێادا لەو شوێنانەی کە پاشماوەکانی ئەنفال نیشتەجیێن تیایدا, گەورەترین شەڕی دەروونیە لەگەڵ نەوەی ئەنفال دا, سەنتەرێك کراوەتەوە لەناحیەی ڕزگاری بەناوی ئێڵ بەگی جاف, ماڵی گەنجانی ڕزگاری, لەجیاتی ئەوەی لەبەر دەرگاکەی بنوسرێ سەنتەری ڕۆشنبیری, بەداخەوە لەبەرخاتردارانی کوتلە وەها نوسراوە, و هیچ کارێکی نیە جگە لەگرێدانی نەوەی نۆی وە بەکاری کوتلە و کوتلە کاریەوە, مەهزەلە زۆرە, بەلاّم لەبەرنامەم دایە هەموو ئەو مەهزەلانە لە کتێبێکدا بەچڕی باسی لێوەبکەم.